یەکێتی زانایانی کوردستان: خەڵکی کوردستان ئاشتی دەوێت، نەک بە درێن و مووشەک

لە پەیامێکدا یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئیدانەی هێرشە مووشەکییەکەی شەوی رابردووی سوپای پاسدارانی ئێران بە سەر هەولێر دەکات و رایدەگەیەنێت: خەڵکی کوردستان ئاشتی دەوێت، نەک بە درێن و مووشەک.

لە پەیامی یەکێتی زانایان، هاتووە: "بەداخەوە شەوی رابردوو لە رێی درێن و مووشەکەوە هێرشی زۆر و کوێرانە لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە کرایە سەر شاری هەولێر و بەهێیەوە قوربانی گیانی و ماددی زۆری لێکەوتەوە و چەندین هاووڵاتی سڤیل شەهیدو بریندار بوون".

لە بەشێکی دیکەی راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە: "ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە توندی ئیدانەی ئەم مووشەکبارانە دەکەین و خوازیارین لە لایەنی پەیوەندیدار بەزوویی رە لەو جۆرە هەوڵە تێکدەرانە بگرن، خەڵکی خەباگری کوردستان ئاشتی دەوێ بە هەموو لایەک نەک بە درێن و مووشەک، هەوەی شەواندنی سەقامگیری و ئارامی هاووڵاتیانی بە ئامانج بگیرێ، داواش لە وڵاتی ئێران دەکەین وەک ئێرکەکی ئایینی و ئینسانی مافی دراوسێتی کوردستان بپارێزێت".

یەکیتی زانایانی ئایینی ئیسلامی راشیگەیاند: "داوا لە سەرجەم وتاربێژانی بەرێزی ئایینی دەکەین لە وتاری هەینی داهاتوو ئیدانەی هەڕەشەکە بکەن و نزای خێرو سەلامەتی و ئارامی بە کوردستان بکەن".